# له سەردەمی پێغەمبەردا -صلى الله عليه وسلم- کەمجار خواردنی وەکو ئەوەمان دەستدەکەوت، ئەگەر دەستمان بکەوتایە، دەستەسڕمان نەبوو جگە لە ناولەپمان، وبازووەکانمان، وپێیەکانمان نەبێت، وپاشان نوێژمان دەکرد ودەستنوێژمان نەدەگرت

لە سەعیدی کوڕی حاریسەوە دەڵێت: پرسیاری لە جابر کرد -ڕەزای خوای لێبێت- سەبارەت بە دەستنوێژگرتن (پاش خواردنێک) کە لەسەر ئاگر (لێنرا بێت)، ئەویش (جابر) ووتی: «نەخێر، لە سەردەمی پێغەمبەردا -صلى الله عليه وسلم- کەمجار خواردنی وەکو ئەوەمان دەستدەکەوت، ئەگەر دەستمان بکەوتایە، دەستەسڕمان نەبوو جگە لە ناولەپمان، وبازووەکانمان، وپێیەکانمان نەبێت، وپاشان نوێژمان دەکرد ودەستنوێژمان نەدەگرت».
[صەحیحە] [بوخاری گێراویەتیەوە]

سەعیدی کوڕی حاریس پرسیاری لە جابری کوڕی عبدالله کرد -ڕەزای خوایان لێبێت- سەبارەت بە دەستنوێژگرتن (پاش خواردنێک) کە لەسەر ئاگر (لێنرا بێت) یان برژێندرا بێت یان هاوشێوەی ئەمانە، ئایا واجبە دەستنوێژگرتن لە پاش ئەم خواردنانە؟ ئەویش (جابر) ووتی: نەخێر، دەستنوێژگرتن لە پاش ئەم خواردنانە واجب نییە، وپاشان بەڵگەی لەسەر ئەم وتەی ڕوونکردەوە، ووتی: لە سەردەمی پێغەمبەردا -صلى الله عليه وسلم- کەمجار خواردنی وەکو ئەوەمان دەستدەکەوت، ئەگەر دەستمان بکەوتایە، دەستەسڕمان نەبوو بۆئەوەی چەوری وماوەی خواردنەکە لەسەر دەستەکانمان لابەرین؛ بەڵکو ئێمە پاش لێسینەوەی پەنجەکانمان دەستمان دەسڕی بە نێو لەپ، وبازوو، وپێیەکانمان وپاشان نوێژمان دەکرد ودەستنوێژمان نەدەگرت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4960